# مامەڵەی ستراتیژییانەی هۆزی هەمەوەند

## لە قۆستنەوەی دەرفەتەکانی ململانێ سنورییەکانی نێوان عوسمانیی و ئێرانی

نووسینی: باربارا هێنینگ
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: حەیدەر هەمەوەند
پێشەکی و پیاچوونەوە: شەریف هەژاری

- ناوی کتێب: مامەڵەی ستراتیژییانەی هۆزی هەمەوەند لە قۆستنەوەی دەرفەتەکانی ململانێ سنورییەکانی نێوان عوسمانیی و ئێرانی
- نووسینی: باربارا هێنینگ
- وەرگێڕانی لە ئیگلیزییەوە: حەیدەر هەمەوەند
- پێشەکیی و پیاچوونەوە: شەریف هەژاری
- دیزاین: هەرێم عوسمان
- چاپ: چاپخانەی کوردستان
- چاپی یەکەم ٢٠١٦

سەرەتا سوپاس ستایش بۆ خوای گەورە ، گروپەکەمان لە هـەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر لە ڕێگای تـۆری کۆمەڵایەتی فیسبوک توانیوێتی خزمەتێکی بەرچاوی خوێنەر وخزمان بکات ، بۆیە ئەمجارە جیاواز لە کارەکانی تر توانیمان ماستەر باربارا هێنینگ لە زانکۆیەکی ئەمریکا ڕاپۆرتێک لە ناو ماستەر نامەکە لە سەر هۆزی هەمەوەند ، پێمان باش بوو بکەینە سەر زمانی دایک بۆ خوێنەر و خزمانی خۆشەویست ، ئەوجێگای شانازە کە هۆزەکەمان باشترین مێژووی هەیە ، بەڵام هەندێک جار بە هۆی چاو نەترس و ئازایەتی ئەم هۆزە نوسەر ڕۆشنبیران کەسانی ناحەز بەم مێژووەی هەمەوەند چاویان هەڵنایە تۆمەت بۆ ئەم هۆزە دروستدەکەن بۆیە بێمان خۆش بوو وەریگێرینە سەر زمانی دایک ئەویش بەرێز کاک حیدەر هەمەوەند ئەو ئەزێتەی کێشە ان شاواللە لە هەوڵی زیاتر ئەبین بۆ خزمەتکردنی خزمانی هەمەوەند و نەتەوەکەمان ،هەوڵ ئەدەین کـتێبخانی کوردی دەوڵەمەندتر بکەین ، بۆئەمیش پێویستمان بە هاوکاری تەواوی خزمان هەیە، گروپی کلتوری هەمەوەندماڵێک بۆ هەموو خزمان هەمەوەند هیوادارم لە داهاتوو هەنگاوی باشتر بەنێین

**سەرپەشتیاری**

**گروپی گلتوری هەمەوەند**

**دیار صالح هەمەوەند**

**پێشکەش بێت**

**بە تەواوی خوینەر  وخزمانی هەمەوەند لە هەرشوێنێکەن**

**تامەزرۆی ئاشنابوونی مێژووی هەمەوەند و نەتەوەکەیان**

## پێشەکییەکی پێویست
## لەبارەی ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمەی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی بەڕەگەز ئەڵمانی ‹‹باربارا هێنینگ››ەوە.

خوێنەری بەڕێز، ئەم بەرهەمە پوختەی بەردەستت توێژینەوەیەکی بەڵگەنامەیی خانمە ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی بەڕەگەز ئەڵمانی ‹‹باربارا هێنینگ››ە، ئەم خانمە ئەڵمانییە، سەرەڕای ئەوەی لە بڕوانامەی ماستەرەکەیدا بەشێوەیەکی وردتر و بەرفراوانتر لەمەڕ جووڵانەوەی هەمەوەندەکان دژ بە داگیرکەرانی تورکی عوسمانیی و فارسە قاجارەکانەوە کۆڵیوەتەوە، ئەوا پرۆسەی هەڵکەندن و ئەنفال و جینۆسایدکردنی هەمەوەندەکانیشی لەلایەن عوسمانییەکانەوە خستۆتەڕوو.

خانمی توێژەر، سەرەڕای ئەوەی خۆی ئەڵمانییە، ئەوا زمانەکانی فەرەنسیی و ئینگلیزی دەزانێت و توانای لێکۆڵینەوەی بە زمانەکانی تورکی عوسمانیی و تورکی ئێستا و فارسی هەیە، چونکە بە زانستییانە لە کۆلێژی ڕۆژهالاتناسیی فێرکراوە و ئێستا وەک ‹‹تورکناسێک››ی ڕۆژئاوایی دەیەوێت پێ بنێتە دەلاقەی کوردناسیشەوە.

ئەم بەرهەمە سەرەڕای ئەوەی توێژینەوەیەکی بەڵگەنامەیی کورت و پوختە، بەڵام تا لێی وردبیتەوە ئەوا زیاتر بایەخ و گرنگی ساغبوونەوەی ڕەهەندە نەتەوەیی و سیاسیی و ئابوریی یەکانی ئەم بابەتەت بۆ دەسەلمێت، بەتایبەت لە زانکۆیەکی ئاست بەرزی وڵاتێکی پێشکەوتووی ئەوروپییدا خانمە ڕۆژهەڵاتناسێک بابەتێکی

لەم شێوەیە هێندە کاریگەری لەسەر دادەنێت کە توێژینەوەی بەڵگەنامەیی بۆ بکات، ئەوا لە ڕاستییدا لەلایەک دەرخەری ڕۆڵی گەورەی هۆزی هەمەوەندە لە جووڵانەوەی کوردایەتیی دژە داگیرکەراندا و، لە لایەکی دیکەش سەنگ و بایەخی زانستییانەی بابەتەکە ئەسەلمێنیت لە دیگای ئەکادیمیست و توێژەرانی وڵاتانی پێشکەوتووەوە، چونکە بەڕاستی وەک ‹‹باربارا هێنینگ›› لە نامەیەکیدا بۆم ئاماژەی بەوەداوە کە: ‹‹ئەم بابەتە زۆر ماندووی کردووە چونکە ئەرک بووە لەسەری کە بە وردی بەناو بەڵگەنامەی وڵاتە زلهێزەکانی ئەو سەردەمە و نوسراوی گەڕیدە و کوردناسەکانی سەدەی نۆزدەدا شەن و کەوی بکردبایە و، لە لایەکی دیکەشەوە ئەم بابەتە بەشێکی کەمی ماستەرنامەکەیەتی، کە لە ماستەرنامەکەیدا زیاتر و بەرفراوانتر لە بارەی ڕۆڵ و کاریگەری هۆزی هەمەوەند لە دژایەتی داگیرکەرانی تورک و فارس بەدواداچوونی کردووە››.

پرسارە هەرە بنەڕەتیەکە ئەوەیە: ئەم بابەتە چی بۆ ئێمەی کورد ئەسەلمێنێت!؟ پێموایە توێژینەوەیەکی بەڵگەنامەیی لەمشێوەیە لە چەندین گووزەرەوە ئێمەی کورد ئەبێت لێی ڕامێنیین، لەلایەک بۆ ئەبێت زانکۆ پێشکەوتووەکان و کوردناسە دەرکەوتووەکان گرنگی بە جووڵانەوەی هۆزی هەمەوەند و چەندین جووڵانەوەی دیکەی ناو مێژووی نەتەوەکەمان بدەن، کەچی ئێمەی کورد و زانکۆ و توێژینەوەکانمان لە ئاستێکی پێویست دا نین کە خۆمان بە وردی لەم بابەتانە بکۆڵنەوە!؟

لە لایەکی دیکەشەوە، ئەم بابەتە لە بەکارهێنانی بەڵگەنامەکاندا ساغی دەکاتەوە کە داگیرکەرانی ‹‹تورک و فارس›› نەیانتوانیوە چ لە ڕووی سیاسیی هۆزی هەمەوەند فریو بدەن

و هەروەهاش لە ڕووی مەیدانی سەربازییدا بتوانن جووڵانەوەی هەمەوەند دامرکێننەوە، بە مانەیەکی تر لە ڕووە سیاسییەکەی بایەخەکەی ئەوەیە کە: جووڵانەوەی هۆزی هەمەوەند یاریکەر بووە و ستراتیژییانە دەرفەتەکانی قۆزیوەتەوە، تا یاری پێکراو بێت بەدەست داگیرکەرانی تورک و فارسەوە، کە تا ئێستاش هەندێک لە حیزبەکانی کوردستان بەتایبەت لە ‹باشور و باکور›ی کوردستان لە بری ئەوەی پەند لە مێژووی نەتەوەکەمان وەرگرن، کەچی وەک داشی دامە یارییان پێ دەکرێت لەلایەن ئێرانی خومەینیی کە بیرۆکەکەی پەیڕەویکردنی ڕاستەقینەیە بۆ خولیاکانی شا ئیسماعیلی سەفەویی و ئەردۆغانی تورکی کە ئایدیاکەی بنیادنانەوەی دەسەڵاتی سوڵتانیزمی تورکە عوسمانییەکانە.

ئەم بابەتە، کە ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەڵمانیی ‹بەبێ هیچ سۆز و عاتیفەیەک› لێی کۆڵیوەتەوە و بەهۆی ئەم توێژینەوەشییەوە ئاشنای سەرەتاکانی دۆزی کورد بووە، ئەوا سەلماندوویەتی کە هەمەوەندییەکان هزرێکی سیاسیی-ستراتیژیی ئەوتۆیان هەبووە کە بتوانن دەرفەتەکانی ململانێی نێوان عوسمانیی و ئێرانییەکان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بقۆزنەوە، کە ئەمەش بەتەواوی بە پێچەوانەی ئەو نووسراوانەوەیە کە هەمەوەندەکان بە کەسانی چەتە و ڕێگر و نەزان دەداتە قەڵەم، چونکە ئەگەر چەتە و نەزان بوونایە ئەوا بیرکردنەوەی ستراتیژییانەیان بەکارنەدەهێنا بۆ قۆزتنەوەی دەرفەتەکانی ململانێکانی نێوان عوسمانیی و ئێرانیی بۆ خزمەتی نەتەوەکەیان، یان وەک ئەم کوردناسە بە پشت بەستن بە بەڵگەنامەکان ئاماژەی بەوەداوە ‹‹هەمەوەندەکان بەو ستراتیژە دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی خۆیان دەپاراست و کۆنترۆڵ نەدەکران››، هەروەها هەروەک چۆن زۆرینەی جووڵانەوەکانی پێشتری

نەتەوەی کورد لەلایەن زۆر وڵاتەوە بە یاخیگەری ناوبراون، ئەوا هەر بە پێی دەقی نامە بەڵگەنامەیەکانی عوسمانییەکانیش ئەم توێژینەوەیە ساغی دەکاتەوە کە عوسمانییەکان نەیانتوانیوە ئۆتۆنۆمی ناوچەکانی هەمەوەند کۆنترۆڵ بکەن و تەنانەت چەندین جار داوای دانوستان و گفتوگۆیان لەگەڵ هەمەوەندەکاندا کردووە و پێشنیاریان بۆ کردوون کە لە لایەن سوڵتانەوە پشکیان پێ دەدرێت لە خۆبەڕێوەبەری ناوچەییدا لە پێناو ملدان بە دەسەڵاتی عوسمانییەکان، بەڵام هەمەوەندییەکان سوربوون لەسەر بەرگری کردن لە پێناو بە ئازادی ژیان و خۆبەڕێوەبەری ناوچەکانی ژێر نفووزیان.

زیاتر لەمانەش، هەروەک خانمە ڕۆژهەڵاتناس ‹‹باربارا هێنینگ›› لە نامەکەیدا بۆم ڕوونی کردۆتەوە، ئەوا ‹‹ئەو لە بارەی جووڵانەوەی هەمەوەندەکان توێژینەوەی زیاتری هەیە بەڵام تا ئێستا نە لە گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە و نە بەشێوەی کتێبیش لە چاپی داون››.

هەربۆیە وەک بیرۆکەی خۆشم و لە زۆر شوێن و ناوەندی زانستیی و لە بابەت و چاوپێکەوتنەکانیشم دا ئاماژەم پێداوە کە: جووڵانەوەی هەمەوەندەکان بە درێژایی دەورانی عوسمانیی و دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی ناو ئێران ‹‹سەفەوی، زەندی و،قاجارییەکان›› زۆر زیاتری دەوێ کە بە وردی لێی بکۆڵرێتەوە، هەروەها بەشداریی و ڕۆڵی هەمەوەند دژ بە ئینگلیزەکان و لە شۆرشە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستان ئەکرێت بە هەموویانەوە چەند ماستەر نامەیەکی لەسەر بنووسرێ چ لە بواری ‹یاسا› وەک جینۆسایدکردنەکانیان و چ لە بواری ‹مێژوو›ش دا وەک بەرەنگارییەکانیان دژ بە داگیرکەران، چونکە چۆن ئەکرێت

ئەو هەموو بەڵگەنامە مێژووییەی وڵاتە بیانییەکان و نووسینی کوردناس و گەڕیدەکان هێندە باسیان لە هەمەوەندەکان و ڕۆڵ و جووڵانەوەکانیان کردبێت، کەچی ئێمەی کورد ئەو ڕۆڵانە نادیدە بگرین!! با چەند نموونەیەک بهێنمەوە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە ڕۆڵ و جووڵانەوەی هەمەوەندەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی ناو مێژووی کورد دا حەقی خۆی پێ نەدراوە لای خودی زانستگاکانی کوردستان:

تا ئێستا لە رووی زانستییەوە لێکۆڵینەوەیەک نەکراوە کە بەتەواوی ڕەهەندەکانی جووڵانەوەکەی جوامێر ئاغای هەمەوەند بخاتەڕوو، هەروەها چۆنیەتی کووشتنەکەی جوامێر ئاغا لەلایەن قاجارە فارسە داگیرکەرەکانەوە، کە ئەو شەهیدکردنەی جوامێرئاغا ئەوا زۆر لێکچووە لە شێوازی تیرۆرکردنی ‹‹سمایل ئاغای شکاک›› بەدەست پیاوانی ڕەزا شای ئێرانەوە.

تا ئێستا توێژینەوەیەکی زانستی لەبارەی ‹‹میر مەحمود خدری هەمەوەند - خلە پەزە›› نەکراوە، کاتێک مرۆڤ لە بەڵگەنامە ئەرشیفکراوەکان و یاداشتی کوردناس و نووسراوەکانی داگیرکەران وردەبێتەوە، ئەوا بە ڕاستی لە ئازایەتی کەم-وێنەی میر مەحمود خدری هەمەوەند سەرسام دەبێت بەتایبەت لە بەرەنگاربوونەوەکانی خۆي و هەمەوەندەکان دژ بە دەسەڵاتی عوسمانییەکان، هەروەها پاش ئەوەی لەگەڵ زۆرێک لە خێزانەکانی هەمەوەند بۆ شاری بەنغازی لیبیا نەفی دەکرێن، ئەوا بە ڕاستی ئازایەتییەکی ئەفساناوییە کە مەحمود خدر و هەمەوەندەکان بەبێ هیچ کەرەستەیەکی هاتووچۆ و بە چەندان داستانی پارتیزانانە لە بەنغازییەوە ڕووەو میسر و پاشان بۆ سوریا و تا دەگات بە چەمچەماڵ داستانی جوامێرانە تۆماردەکات و

کۆڵ نادات تا دەگاتەوە خاکی نیشتیمان، پاشتریش مەحمود خدر و ضةندين كةسايةتي هۆزی هەمەوەند کە بەهێزەوە دەچنە سەر والی موسڵی عوسمانیی و پێی ڕادەگەیەنن «گەر خێزانی هەمەوەندەکان لە بەنغازییەوە نەگێڕنەوە بۆ چەمچەماڵی نیشتیمانی خۆیان ئەوا موسڵ وێران دەکەین»، دواتریش سوڵتانی عوسمانییەکان وةك نوێنەری هەمەوەندیەکان بانگێشتیان دەکات بۆ ئەستەنبوڵ و بە ڕێکەوتن لەگەڵیاندا هەندێک لە خێزانە هەمەوەندەکان بۆ کوردستان دەگێڕنەوە.

هەموو ئەمانەش لە لایەکن و ئازایەتی هەندێ لە ژنانی هەمەوەند لە لایەکی ترەوەیە، کە حەقی خۆیەتی بە وردی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەسەر ژیانیان و هەڵکەوتنیان ئەنجام بدرێت، بەتایبەت ژنانی وەک «ڕێحان ئاغای هەمەوەند» و چەندان ژنی دیکەیان کە داستانی سەربەرزانەیان دژ بە داگیرکەرانی عوسمانی ئەنجام داوە و تامی تاڵی شکستیان بە داگیرکەران نۆشیوە.

زیاتر لەمانەش، گەر وردبینەوە لەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەی کە پاش ساڵانی سییەکانی سەدەی بیست لە باشوری کوردستاندا دەردەچـوون، ئەوا نووسین و هۆنراوەی چەندان کەسایەتی هەمەوەندی تێدا دەدۆزینەوە، وةك بابةت و هؤنراوةكاني يونس ئاغای هەمەوەند.

هةروةها باسی کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانی هەمەوەند و ڕۆڵیان لە جووڵانەوەی کورد دا هەر لە باشوری کوردستان دا قەتیس نابن، بگرە لە بەشەکانی دیکەش دا چەندان کەسایەتی هەڵکەوتوویان تێدابووە، لە نموونەی ئەوانەش: شۆڕشگێری نـاوداری خۆرهەڵاتی کوردستان سـەرکـردەی شەهید «مەلا

ئەحمەدی شەڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە››یە کە یەکێک بوو لە ناسراوترین سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی بە درێژایی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیست و تا دوای ڕاپەڕینیش کۆمەڵێک ڕیش سپی و نیشتیمانپەروەر لەم هۆزەدا هەڵکەوت کە رۆڵي دیاریان لة کوردستاندا بەرضاوبووة.

لە کۆتاییدا، جێی خۆیەتی سوپاسی کاک حەیدەر هەمەوەندی بکەم کە پیاچوونەوە و پێشەکی بۆ نووسینی ئەم بەرهەمە وەرگێڕانەی خۆی بە من سپارد و دڵنیام کاک حەیدەریش وەک کەسێکی خوێنەوار و پەرۆشی نەتەوەکەی لەم وەرگێڕانەدا ماندوویەتی کێشاوە، هەروەها سوپاسی برای ئازیزیش کاک ‹‹دیار هەمەوەندی›› دەکەم کە زۆر پەرۆشی تەواوکردنی ئەم بەرهەمە بوو.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتم بۆ هەر نیشتیمانپەروەرێکی کورد،

شەریف هەژاری
سلێمانی
١-٤- ٢٠١٦

## مامەڵەی ستراتیژییانەی هۆزی کوردی هەمەوەند
## لە قۆزتنەوەی دەرفەتە سنووریەکانی نێوان عوسمانی
## ئێرانی لە دواساڵەکانی سەدەی نۆزدەدا. [1]

## مامەڵەکردن لەگەڵ هۆزی کوردی هەمەوەند
## لە ویلایەتی موسڵ
### دەرفەتەکانی ناوچەسنووریەکانی عوسمانی/ئێرانی
### لە دواساڵەکانی سەدەی نۆزدەدا

لە ساڵانی ١٨٩٠ ەکاندا، کارمەند و گەڕیدەی فەرەنسی ‹‹ئارماند پییر کۆمت دی چولێت و یاوەرەکانی›› کەوتنە کەمینی گروپێک لە پیاوانی عەشیرەتی هەمەوەند کە کاتێک لە رووباری دیجلە پەڕینەوە و لە رێگەی چوونیاندا لە موسڵەوە بۆ بەغداد.

یاداشتە چیرۆکئامێزەکەی ‹‹چۆلێتی گەڕیدەی فەرەنسی››

---

ئەم بابەتە پشت بە بەشێک لە تێزی ماستێرەکەم دەبەستێت (لە زانکۆی بامبێرگ، ٢٠١٢) ، کە لەوێدا لەبارەی مێژووی عەشیرەتی هەمەوەند بەدورودرێژی کۆڵیومەتەوە. لێرەشدا تەرکیز دەخەمە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ستراتیجیانەی رەوشی نارۆشنی سنووری عوسمانی/ئێرانی لەلایەن هەمەوەندەکانەوە لە بەرەنگاربوونەوەیان بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی. بەهۆی نەبوونی تۆماری نووسراو لەلایەن خودی هەمەوەندەکانەوە ئەوا لێکۆڵینەوەکەم پشتی بەستووە بە بەڵگەنامە ئەرشیفکراوەکانی ‹‹عوسمانی و فەرەنسییەکان و هەروەها یادداشتی گەشتیارە ئەوروپییەکان›› بۆ ناوچەکانی عوسمانی و ئێرانی. باربارا هێنینگ.

لـەبـارەی بەسەرهاتەکانیانەوە کە لە ساڵی ١٨٩٢ [٢] بـڵاوی کردۆتەوە، تێیدا لە چۆنیەتی گەمارۆدرانی تیمەکەی لەلایەن هەمەوەندەکانەوە بۆ چەندین کاتژمێر باس دەکات، هەربۆیە لەو کاتەدا خۆیان حەشار دەدەن لە دوورگەیەکی بچووکی رووباردا و لە کۆتاییدا لە دەستوبردێکی پاڵەوانانەدا لە تاریکی شەودا دەتوانن لەدەست هەمەوەندەکان رابکەن. ئەم بەسەرهاتە لەو زەمانەدا بووە چیرۆکێکی بەچێژ لە ناو یاداشتەکانی ئەو گەڕیدە ئەوروپییانەی کە لە سەدەی نۆزدەدا ڕوویان دەکردە ویلایەتەکانی ‹‹موسڵ و بەغدا››ی دەوڵەتی عوسمانییەوە و بەسەرهاتەکەش دەنگدانەوە و ناوبانگی پەیداکرد. ‹‹چۆلێتی گەڕیدە›› بەوەسفە تێروتەسەلەکانی وایکرد کە هەمەوەند ببێتە ناوێکی ئاشنا و هەر ئەم هۆکارەش بوویە هۆی ئەوەی کە زانیاری لەبارەی هەمەوەندەوە بدرێت بەو گەشتکارە ئەوروپیانەی کە دەیانویست بە ویلایەتی موسڵی عوسمانیدا بپەڕنەوە بۆ سنوری دەوڵەتی قاجاری ئێران لە دواساڵەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست دا. [٣]

2 Comte de Cholet, Armand Pierre, Arménie, Kurdistan et Mésopotamie (E. Plon: Paris, 1892) , pp. 297309-.

3 Ibid.,p. 299. And also see: Ces Hamawan [sic] sont des brigands redoutables que lautorite` ne peut parvenir a`dompter et contre lesquels on a de`ja` fait de nombreuses expe`ditions avec le concours de l`arme`e. D›une cruaute` sans pareille, aussi impitoyable pour les musulmans que pour les chre`tiens, ils n´e´pargnent personne et ne font jamais gra`ce de la vie a` quiconque tombe entre leurs mains.

‹چۆلێتی گەڕیدەی فەرەنسی› وەسفی هەمەوەندەکان «وەک یاخیگەلێکی دڵرەق و بێبەزەیی دەکات، ئەوان عەشیرەتێکی کوردن کە ئەوپەڕی هەزار پیاون لەگەڵ خێزانەکانیان، بەسەرسامیشەوە ئەمانە وەک گروپێکی بچووک لەراپۆرتەکانی عوسمانی و دیپلۆماتە بیانیەکان لەو سەردەمەدا ئاماژەیان پێدەکرا. هەمەوەندەکان لە ناوچەسنووریەکانی عوسمانی/ئێرانی لە ویلایەتی موسڵی عوسمانیدا دەژیان. سەنتەری چالاکیەکانیان لە دۆڵی دوورەدەستی بازیان بوو کە دەکەوێتە بەشی باکووری درێژەوەبووی چیای زاگرۆس و، لە رووی ئیداریشەوە کەوتبووە ناوچەی سلێمانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانیەوە. ئەم عەشیرەتە بەدرێژایی دواساڵەکانی سەدەی نۆزدە بەرەنگاری هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوونەوە کە عوسمانییەکان بۆ فراوانکردنی کۆنترۆڵی ناوچەسنووریەکانی عوسمانی/ئێرانی دەیان دا. هەمەوەندەکان تەواو سەرکەوتووانە ئەمەیان کرد: بۆ نزیکەی پەنجا ساڵ، لە سەرەتای ساڵەکانی ١٨٦٠ ەوە تا هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیی. هەربۆیە دەسەڵاتدارانی عوسمانی نەیانتوانی کۆتایی بهێنن بە نائارامیی و هێرشە بەردەوامەکانیان کە دەیانکردە سەر بازرگان و گەشتکاران لە ناوچەکەدا، لەکاتێکدا گەشتەکان پاسەوانی سەربازیشی لەگەڵ دابوو، عاقیبەت بە گفتوگۆ و لە کۆتاییشدا بە دەستگیرکردن و دواتریش نەفیکردنی ژمارەیەکی زۆری هەمەوەندەکانی لێ کەوتەوە».

مێژووی هەمەوەند دەکرێت وەک بابەتێکی لێکۆڵینەوەیی هەڵبسەنگێنرێت بە پرسیارگەلێکی فراوان لە هزردا، کە: چۆن و

بۆچی هەمەوەندەکان بەرهەڵستیان دەکرد و بۆچی ستراتیژەکانیان سەرکەوتوو بوون !؟ ، ئەم پرسیارانە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی تێ بگەین لە هەوڵەکانی بە مەرکەزیکردنی عوسمانی و کۆسپەکانی بەردەم بە مەرکەزیکردن لە دواساڵەکانی سەدەی نۆزدەدا.

گەیشتنی حوکمەت بە ناوچە سنووریەکان و داڕشتنەوەی دۆخی ناوچەکە بووە کۆتێک بۆ دانیشتووانی ناوچەکە و هەوڵدان بۆ ملکەچ پێکردنیان وەک هاونیشتمانانی ناو ئیمپراتۆریەتەکە کە بتوانرێت سەرژمێری بکرێن و، باجیان لێوەربگیرێت و، سەربازگیریشیان لە ناودا ئەنجام بدرێت بۆ سوپای عوسمانی.

بەرای من سیاسەتی بە مەرکەزیکردن، کارنامەیی و دەرفەتی بەخشی بە لایەنە ناوچەییەکان، لە نموونەشیان دا هەمەوەندەکان، بۆ ئەوەی لە بەرگریکردن و سازان دەست بدەنە مانۆڕ کردن لە بەرامبەر دەوڵەتی مەرکەزی لە ئیستەنبول .

لە ویلایەتی موسڵدا، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕووبەڕووی بەرگری ناوچەیی بوویەوە، ئەمەش کاتێک بوو کە هەوڵی فراوانکردنی کۆنترۆڵی دەوڵەتی دەدا بەسەر ناوچە سنووریەکاندا هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدە و بە دواوە.

سەرەڕای ئەمانەش، پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێرانی هاوسێیدا نادۆستانەبوون و سیاسەتی ناوچە سنووریەکانی عوسمانی/ ئێرانی دۆزێکی ئاڵۆزی گفتۆگۆی دیپلۆماسیانە بوو لەسەر ئاستی جیهاندا. [٤]

---

4 On the history of the Ottoman-Iranian border, see Ateş, Sabri, Empires at the Margin. Towards a History of the

سنووری عوسمانی لەگەل ئێران لە ویلاتی موسڵدا، بە بەشی باکووری درێژەوەبووی چیاکانی زاگرۆسدا تێدەپەڕی و، بەهۆی دوورەپەرێزیەوە دەست ڕاگەیشتنی دەوڵەت پێیدا سەخت بوو. بەڵام لە ڕووی ئابووریەوە ناوچەکە گرنگ بوو، چونکە یەکێک لە ڕێگە سەرەکیەکانی نێوان ئەنادۆڵ و ئێران بە ئێرەدا تێدەپەڕی، کە بازرگانەکان لە ئێرانەوە بەرەو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی و بەپێچەوانەشەوە هاتووچۆیان دەکرد و، هەروەها زیارەتکارانی شیعەش لە ئێرانەوە ڕێنوێنی دەکران بۆ شارە پیرۆزەکانی ‹نەجەف، کەربەلا ،سامەڕا و، کازمیە کە گەڕەکێکی بەغدا›یە و دەکەوتنە خاکی عوسمانیەوە.

لەمانەش زیاتر، ناوچەسنووریەکان گرنگی سیاسیشیان هەبوو، لەبەر هۆکاری ستراتیجی  کە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانیی و ئێراندا بەربەرەکانی هەبوو لەسەر ئەم ناوچانە.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەدواوە هەوڵدرا کە بە تێرمی ڕۆشنتر دەستنیشان بکرێت. بەتەنیا  دەولەتانی عوسمانی و ئێرانی نەبوون کە بەرژەوەندیان هەبوو لەوەی کە ناوچەکە لە رووی جیۆگرافیەوە قابیلی خوێندنەوە بێت و دامودەزگاکانی دەوڵەت بە ئاسانتر دەستیان پێڕابگات، بەڵکوو چەندین وڵاتی ئەوروپیش

Ottoman-Iranian Borderland and the Borderland peoples,1843 to 1881 (diss.,New York University, 2006) ; Shaw , Stanford J., «Iranian Relations with the Ottoman Empire in the Eighteenth and Nineteenth Centuries,» in Peter Avery, Gavin Hambly and Charles Melville(eds.) The Cambridge History of Iran , vol. 7 . ( Cambridge : Cambridge Univ. Press, 1991),pp. 297313- and McLachlan, Keith, «Boundaries, with the Ottoman Empire,» in Encyclopaedia Iranica (London: Routledge, 1990), vol. IV, pp. 401403-.

دەستیان تێ خست، چونکە هەرێمەکە بەشێک بوو لە ڕێگەی وشکانی بەرەو هیندستان، بۆیە کەوتە چوارچێوەی بایەخی بەریتانیای مەزن و روسیا لە یەک کاتدا.

هەرچۆنێک بێت، هەندێک هەوڵ درا لەلایەن کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی سنوورەوە بۆ دانانی نەخشەیەکی زانستی لە ناوچەکە و دەستنیشانکردنی هێڵەکانی سنوور لەسەر زەوی، کە لەرووی پراکتیکەوە ئەنجامێکی کەمی دا بەدەستەوە هەتا پێش هاتنی سەدەی نوێوە ‹سەدەی بیست›. تەنیا لە دواجاردا بوو لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی کە نەخشەیەکی گشتگیری ناوچەکە تەواو کرا.

هەمەوەندەکان زۆر سەرکەوتوو بوون لە بەرهەڵستیەکانیاندا بە دژی هەوڵەکانی بەمەرکەزیکردنی عوسمانی، کە ئەو کاتانە هێشتا هێڵەکانی سنوور نەچەسپابوون لەسەر زەوی دا، بەڵام گووتار و ڕووانگەی ئیمپراتۆریانە سەبارەت بە ناوچەکە بەگشتی گۆڕانی بەسەردا هاتبو و، هەرێمەکە لە ناوچەیەکی فراوان و تخوبگەلێکی لێڵەوە بۆ هێلی سنووری تەواو دەستنیشانکرا و، هەمەوەندەکان سوودیان لەم لێڵیە وەرگرتبوو کە هاتبووە ئاراوە، ئەمەش بەهۆی جیاوازی لە نێوان گووتاری ئیمپراتۆریەت سەبارەت بە سنوورکێشان لەگەڵ ئەو واقیعە ناروونەی سەر زەوی لە دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەدا. تەنیا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لەگەڵ گەیشتنی سوپای بەریتانیا کە پشتی بە فڕۆکە دەبەست ئەوا توانرا دانیشتووانی ناوچە سنووریەکان کۆنترۆڵ بکرێن و ئۆتۆنۆمی هەمەوەند بە جددی سنووردار بکرێت.

هەر لە سەرەتای سەردەمی چاکسازی لە ئیمپراتۆریای عوسمانی لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەوە ئەوا مەرکەزی ئیمپراتۆریەت ئارەزووی کۆنترۆڵکردنی ناوچە سنووریەکانی عوسمانی/ئێرانی هەبوو، ئەمەش لەبەر هۆکاری سیاسیی و ئابووریەوە، بەتایبەتی دوای لەدەستدانی بەشێکی خاکی ئیمپراتۆریەت لە بەڵکان لە دەورانی فەرمانڕەوایی عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩).

هەرچۆنێک بێت، سیاسەتەکانی بە مەرکەزیکردن لەگەڵ بەرهەڵستی توندی ناوچەیی بەرەو روو بوویەوە. هەمەوەندەکان بە چەندین شێوە سوودیان دەبینی لە لێڵیی سنوورەکان، یەکەم: پێش هەموو شتێک ، سنوورەکان سەرچاوەی ئابووری بوون. هەمەوەندەکان شارەزای تەواوی ناوچە شاخاویەکان بوون، چ وەک رێنیشاندەر یان پاسەوان، هەروەها چ وەک ئەرکی شارەزایی و پاراستنی رێبواران و بازرگانەکانیان کە وەک سەرچاوەی بژێوی ژیانی خۆیان جێ بەجێیان دەکرد. ئەو کەسانەی توانایان نەبوو یان نەیاندەویست وەک باجی پاراستن پارەبدەن ئەوا زۆرجار خۆیان دەبوون بە قوربانیی و لەلایەن خودی هەمەوەندەکانەوە تاڵان دەکران.

هەمەوەندەکان لەم دەڤەرە بە ئاشکرا بانگەشەیان دەکرد: هەرکەسێک دەیەوێت بەئێرەدا ئاودیو بێت ئەوا پێویستە سەرانە بدات بە هۆزەکەمان. بێگومان دەوڵەتی عوسمانی تێڕوانینی جیاوازی هەبوو سەبارەت بەم دۆزە. چەندین جار سوپای عوسمانی بۆ دژایەتیکردنی هەمەوەندەکان و بۆ کێوماڵ کردنیان رەوانە کرا بۆ ئەوەی کۆتایی بە چالاکیەکانیان بهێنن.

بەڵام هیچ یەک لەم کێوماڵکردنانە سەرکەوتوو نەبوو، هەرچۆنێک بێت، لە درێژمەودادا سەرکەوتوو بوو. ئەمە من دەهێنێت بۆ خاڵی دووەم: سنوور وەک سەرچاوەیەکی سیاسیی بۆ هەمەوەندەکان، سنوور: هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ توانای بەردەوامیی هەمەوەندەکان لە خۆپاراستن و خـۆلادان لە هێرشەکانی عوسمانیەکان، کە ئەمەش دیسان خۆی لە هەڵکەوتەی جوگرافی دەبینێتەوە کە بۆ هەمەوەندەکان ڕەخسا بوو، هێڵە سنووریەکان: داهێنانێکی مۆدێرن بوو لە ناوچەیەکدا کە زنجیرە چیاکان سەدان ساڵ بوو ئاماژەیەک بوون بۆ ناوچە سنووریەکان، بەڵام وەکوو هێڵی چەسپاوی سنوور بەرجەستە نەکرابوون، دواتر دینامیکیەتی کەمتریان بەسەردا هات و دەڤەرەکە بە بەردەوامی وردتر تۆماردەکرا، کە ئەمەش لە دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەدا بوو.

ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا هەوڵەکان بۆ کێشانی هێڵە سنووریەکان، وایکرد کە هەمەوەندییەکان زانیان کە چۆن سوود وەربگرن لە بیرۆکەی نوێی سنوور: پەڕینەوە لە هێڵی سنوور دەرفەتی پێدان کە خۆیان دەرباز بکەن لە دەست سەربازانی عوسمانی، چونکە بۆیان نەبوو راویان بنێن لە ناو خاکی ئێراندا ئەمەش لەبەر ئەوەبوو نەوەک ببێتە هۆی قەیرانی دیپلۆماسی لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی-ئێرانی دا. هەر لەگەڵ پەڕینەوەیان بۆ بەری ئێران ئەوا هەمەوەندەکان زۆرجار لە ئـازاردان دەربازیان دەبـوو. هەندێک جار دەسەڵاتدارانی عوسمانیی و ئێرانیان لە دژی یەکتر بەکار دەهێنا، بە چاوبەستی

هاوپەیمانیەتی لەگەڵ کارگێڕانی ناوچەیی ئێرانی لە دژی عوسمانیەکان .

بەم جۆرە، لە هەندێک بواردا هەمەوەندەکان مۆدێرنکردنی ناوچە سنووریەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێنا. ئەمە تا ئەو کاتە دەلووا کە هێڵەسنووریەکان تەنیا لەسەر کاغەز کێشرا بوون، بەڵام لەسەر زەوی دەستنیشان نەکرابوون نە لەبواری خاکی ناوچەکە و نە لەبواری دانیشتووان. لە چاوەڕوانی کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی سنوور کە دەبووایە هێڵە سنووریەکان بە دروستی لەسەر ئەرز نیشان بکرێن، ئەوا دانیشتوانی ناوچەکە و عەشیرەتەکان بانگەشەی خاوەندارێتی دەکران لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یان لەلایەن ئێرانەوە ( هەندێک جار لەلایەن هەردوو لایانەوە ) و لە کۆتاییدا لەم دیوەی سنوور ناونووس دەکران یان لەو دیوەی تر. دیسانەوەش لە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بەربەرەکانێی عوسمانی/ئێرانی لەسەر ناوچە سنووریەکان و دانیشتووانەکانیان ئەوا لایەنە ناوچەییەکانی بۆ نموونە هەمەوەندەکانی خستە پێگەیەکی بەهێز بۆ رێککەوتن.

بەڵگە ئەرشیڤیەکانی دەوڵەتی عوسمانی ساڵانی پێش ١٨٨٠ کان ساغی دەکاتەوە کە هێزی سوپا بە دوودڵیەوە دژی ئەم عەشیرەتە بەکار هاتووە. هەربۆیە گفتوگۆکردن بە باشتر زانراوە بەو هیوایەی کە هەمەوەندەکان بدەنەوە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی و وەک کۆمەڵە جووتیارێکی ئارام بن. تەنانەت هەندێک لە هەمەوەندەکان پلەوپایەیان پێدرا لە ریزی کاربەدەستانی عوسمانی لە چوارچێوەی پرۆسەی گفتووگۆدا. [٥]

5 MAE: CPC Mosul 30.05.1881; MAE: CPC Mosul 10.07.1882.

بەهەرحاڵ، ئەو لێڵیەی ناوچە سنووریەکان کە دەرفەتی دابوو بە هەمەوەندەکان تا سوودی لێ وەربگرن، لە دوای ساڵی ١٨٩٠ بە توندی داڕوخا، کاتێک گفتوگۆی دوورودرێژ لەگەڵ هەمەوەندەکان بۆ قەناعەت پێکردنیان بە نیشتەجێبوون و واز هێنان لە پەلاماردان بەردەوام شکستی دەهێنا. بیرۆکراتە عوسمانیەکان لەجیاتی ئەمە روویان کردەوە مێزی گفتوگۆ لەگەڵ ئێران. هەردوو حوکمەت رێککەوتن بۆ ئەنجامدانی هەوڵی سەربازی هاوبەش لەناوچە سنووریەکان.

سەرچاوەکانی ئەرشیڤ ساغی دەکەنەوە کە یەکگرتنی دۆستانەی عوسمانی/ئێرانی ئەوا لێکەوتەی کاریگەری هەبوو لەسەر گشت دانیشتووانی ناوچەکە بە هەمەوەندەکانیشەوە. زۆرینەی ئەم هۆزە بەژن و منداڵەوە دەستگیرکران و دەستبەسەرکران لە سەربازگەیەکی زیندانی موسڵ.[٦] هەر لە وێوە دەوڵەتی عوسمانی کە رۆڵی ستراتیجی ناوچەسنووریەکانی دەزانی و لەبەر بەرگریەکانی ئەم هۆزە ئەوا پلانیان دانا بۆ نەفی کردن و نیشتەجێکردنی هەمەوەندەکان دوور لە ناوچە سنووریەکان.[٧] دواتر سەلمێندرا کە راپەڕاندنی ئەم کارەش سەختە، چونکە کاتێک ژمارەیەک شار و دێهات کە لەلایەن حوکمەتەوە وەک نیشتیمانی نوێ بۆیان هەڵبژێردرا، ئەوا هەمەوەندەکان بە توندی ڕەتیان

6 MAE:CPC Mosul 11.08.1887.

7 To send the Hamawand far away - «uzak mahalla teb`id»- was a demand that kept reapearing in petitions related to the trial of the Hamawand in 1887; see e.g. BOA: i.DH. 103781617/ , lef 02, 04 L 1304, (26.06.1887).

کردەوە کە لەوێدا نیشتەجی بن، سکاڵانامەکانی نیگەرانی خۆیان گەیاندە سوڵتان.[8] لە کۆتاییدا گروپێکی گەورە لە هەمەوەندەکان ڕەوانەی شاری بەنغازی کران لە لیبیای عوسمانی.[9]

بەڵام هەمەوەندەکان دەستەوەستان دانەنیشتن بەرامبەر ئەم سزایە. بەخێرایی لەگەل دەستگیرکردن و دەستبەسەرکردنیان لە موسڵدا ئەوا هەموو هەوڵێکیان دا بۆ گفتوگۆ کردن سەبارەت بە چارەنووسیان و ، ناردنی سکاڵانامە بۆ کاربەدەستانی عوسمانیی و بیانیەکان. جێگری قونسوڵی فەرەنسا لە موسڵ یەکێک بوو لەوانەی کە هەمەوەندەکان داوای پشتیوانیان لێ کردبوو.[10] ئەو تا ڕادەیەک پەشۆکاو بوو، چونکە بێ-ڕوویی ئەو چەتانە گەشتبووە ئەو ئاستەی کە تەنانەت داوای یارمەتیش لەو بکەن. بەڵام ڕووداوەکە ئەمە نیشان دەدات کە هەمەوەندەکان نەک دواکەوتو و شاخنشینگەلێکی نەزان نین کە زۆر پێویستیان بە ڕێنمایی ئیمپراتۆریەت هەبووبێت هەروەک چۆن بەم شێوەیە ناسێنرابوون لەگووتاری هەردوو ئیمپریالیستی فەرەنسا و دەوڵەتی عوسمانی، بەڵکو ئەوان لە دینامیکیەتی سیاسەتی نێودەوڵەتیش گەیشتبوون و هەوڵیشیان دەدا کە لە خزمەت بەرژەوەندی خۆیان بەکاریبهێنن.

تەنانەت کاتێک دواجار بۆ باکووری ئەفریقیا نەفیکران، ئەوا هەمەوەندەکان وازیان لە بەرگریکردن نەهێنا. هەموو لایەنە

8 BOA: i.DH. 103781617/, lef 04 und 06,04.10.1304(26.06.1887).

9 BOA: Y.PRK.ZB. 049.1.(April 1888).

10 MAE: CPC Mosul 11.08.1887.

پەیوەندیدارەکان تووشی سەرسووڕمان بوون کە کاتێک ژمارەیەک لە پیاوە نەفیکراوەکانی ئەم هۆزە ڕێگەی گەڕانەوەیان دۆزیەوە و بە خاکی سوریادا پەڕینەوە بۆ خاکی خۆیان لە ویلایەتی موسڵ.[11] سەربازە فیرارەکانی سوپای عوسمانیی و خەڵکانێکی لابەلا کە بەدوای پەناگەیەکدا دەگەڕان دوور لە دەسەڵاتی عوسمانی ئەوا لەگەڵیان کەوتن و بەمەش ژمارەی هەمەوەندەکان زیادیکرد و وایکرد کە لە ساڵانی ١٨٩٠ ەکاندا هەمەوەندەکان هێزێکی وا ساز بدەن کە لە ویلایەتی موسڵدا حیسابیان بۆ بکرێت.[12] هەر لە دەوروبەری ئەو ساڵانەدابوو کە ‹کۆمت دی چۆلێت› لەلایەن ئەوانەوە دەستگیرکرا و دواتر یاداشتە چیرۆکئامێزەکەی خۆی بۆ بەجێهێشتین کە لە سەرەتای ئەم باسەدا دەقەکەیم داناوە.

به پشکنینێکی ووردتر، یاداشتەکانی ‹چۆلیت› سەرنجڕاکێشن، ئەمەش نەک تەنیا لە خستنە ڕووی بەڵگەگەلێک کە دەریدەخات کە چۆن هەمەوەندەکان بەسەرکەوتوویی گەڕاونەتەوە سەر خاکی خۆیان، بەڵکوو ئاماژەش دەدات کە ئەوان چۆن راهاتبوون لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی هەلومەرجی ناوچەسنووریەکان. ‹چۆلێت›

11 MAE: CPC Mosul 29.03.1888 and later MAE: CPC Mosul 18.10.1890 and BOA:i.MMS. 119.5132. 27 S 1308 (07.04.1891).

12 See MAE:CPC Mosul 16.07.1880 for accounts of Ottoman soldiers joining the Hamawand For the larger argument of the mountains as areas of refuge from state control, see James C. Scott , The Art of Not Being Governed. An Anarchist History of Upland Southeast Asia (New Haven:Yale Univ. Press, 2009).

شاخەکانی نەبڕی بـەرەو ئێران لەسەر پشتی ئەسپ بەڵکوو بەرێگاوە بوو بەرەوە بەغدا. ئەو هەروەک خەڵکانێکی زۆری دیکەی پێش خۆی، متمانەی هەبوو کە بە بەلەم بە تەووژمی لێژی رووباری دیجلەدا تا رادەیەک بە ئاسانی بەرەو ئەوێ بڕوات. ئەو ‹چۆلێت› لەم شوێنە رووبەڕووی هەمەوەندەکان بوویەوە کە ئەوان ئەم شوێنەیان وەک سەرچاوەیەکی نوێی دەسکەوت دۆزیبوویەوە، ئەمەش پاش ئەوەی کە ناوچە سنووریەکانیان لێ قەدەغەکرابوو بەهۆی هەوڵە دوولایەنیەکانی عوسمانی/ئێرانی بۆ توندکردنی کۆنترۆڵ. ئەوان لێرە هاوپەیمانی نوێشیان دۆزیبوویەوە، بەگوێرەی راپۆرتگەلێک: لە ساڵی ١٨٩٠ ئەوان لەرێگەی کۆچەکانیان بە بیابانەکانی خـوارووی ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرەدا ئەوا پەیوەندیان بەستبوو لەگەل عەشیرەتی عەرەبزمانی شەمەرغەربا، بەم شێوەیە هەروەک چۆن دەوڵەت کۆنترۆڵی خۆی بەسەر شاخەکانی ناوچەسنووریەکان زیاتر کردبوو، ئەوا هەمەوەندەکانیش بەگوێرەی پێویست چالاکیەکانی خۆیان جۆراوجۆرتر کردبوو. بەهەرحاڵ، لە کۆتاییدا، ئەوە دەوڵەتی عوسمانی نەبوو بەڵکوو ئەوە بەریتانیەکان بوون کە کۆنترۆڵی باکووری عێراقیان کرد و کۆتاییان بە چالاکیەکانی هەمەوەندەکان هێنا بە یارمەتیی و پشتیوانی فڕۆکەکانیان و، سیمی دڕکدار و تۆپخانەکانیان.

بـەڕای من سەرکەوتنی هەمەوەندەکان لە بەرگریان دژ بە هەوڵەکانی بەمەرکەزیکردنی دەوڵەتی عوسمانی، ئەوا بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی جوگرافی

لەباری ئـەوان، ئەمەش چ لە نێو شاخەکان یان چ لە ناوچە دەشتاییەکانی سەرسنوور. بەشێوەیەکی دیکە، نزیکی لە سەنتەری عوسمانیەکان و هێزە سەربازیەکانیان بەمانای ئاسانتر بوونی دەستڕاگەیشتنی هێزی سەربازی و کارگێڕی عوسمانییەکانە بەو ناوچەیە، یان بەپێچەوانەشەوە، سەختتر بوونی دەستڕاگەیشتنی عوسمانییەکان بۆ ناوچەی دووردەست و سەر سنووری وڵاتێکی هاوسێیان، کە ئەمەش دوو چیرۆکە و جیاوازیان هەیە.

لەکاتی فراوانخوازییەکانیان ڕووەو ڕۆژهـەڵات، ڕووانگە و گوتاری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەرکێک بوو کە ئەویش بەشارستانی کردنی عەشایەرە کۆچەرەکانی هەرێمەکە بوو.[١٣] لەم گوتارەدا خودی هەرێمەکە، شاخەکان، و دۆڵە دووردەستەکانیی، هەروەها بیابان و زۆنگاوەکانی ویلایەتەکانی ‹بەغدا و بەسرە› وەک پانتاییە کێویی-بووەکان سەیر دەکرا، بەپێچەوانەی ناوچە شارستانە مۆدێرنەکان کە پێویستیان بە کرانەوە و سوود وەرگرتنی ئابووری هەبوو، بۆ نموونە: لە ڕێگەی لە بارهێنانی دانیشتووانەکەی بۆ جووتیاری یان ناونووسکردن بۆ بەجێگەیاندنی خزمەتی سەربازی.

بەم پێیە، بە سەرنجی نزیکتر لە نموونەی هەمەوەندەکان ئەوا دەتوانین پەی ببەین کە لە نێوان دەوڵەتی مۆدێرن و عەشایەرە دواکەوتووە بێ شارستانیەتیەکانی ناوچەکە، جیاوازیەکی زۆر

13 Selim Deringil, «The Live in a State of Nomadism and Savagery». The Late Ottoman Empire and the Post-Colonial Debate ,»Comparative Studies in Society and History 45.2(2003), 311342-.

نەبوو، هـەروەک بەڵگەنامەکانی ئیمپراتۆریەت و نامەکان سەبارەت بە هەمەوەندەکان ئاماژەیان پێدەکرد. بە پێچەوانەوە هەر لە سەرەتاوە پیاوە عەشایەرەکان خۆیان تاڕادەیەک توانیان سوود وەربگرن لە دەستنیشانکردنی ووردتری ناوچە سنووریەکان کە تیایدا دەژیان، ئەمەش بەهۆی پەڕینەوە لە هێڵی سنوور کە لەو ناوەندەدا کێشرابوو، بەم جۆرەش لە هەژموونی عوسمانیەکان دەربازیان دەبوو. تا دواتر وای لێهات ئیتر ئەمەیان بۆ نەدەلووا کە ئەوەش بەهۆی رێککەوتنی نێوان ئێران و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو بۆ ئەوەی پێکەوە راوەدوونانی هەمەوەندەکان بگرنەئەستۆ، تا هەموویان لە ناوچە سنووریەکان دوور کەوتنەوە و پەنایان بردەبەر ناوچە بیابانەکانی ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە. توانا جۆراوجۆرەکانی ئەوان لە رووبەڕوو بوونەوەی هەوڵە زیادەکانی بەمەرکەزیکردنی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها لە چالاکیە ئابووریەکانیشیاندا خۆی بەیان دەکات.

هەروەها نموونەی هەمەوەند ناچارمان دەکات کە واز بێنین لەو بیرۆکە دژبەیەکە ئاشکرایەی کە لە نێوان دەوڵەتی ئیمپراتۆری لەلایەک و پیاوانی عەشایەری ئاژاوەگێڕ لەلایەکی دیکەوە هەبوو. لەراستیدا، بەدرێژایی ململانێکانی دەوڵەتی عوسمانی دژی هۆزی هەمەوەند، کاربەدەستانی پایتەخت بـەردەوام هەوڵیان دەدا لە رێگەی گفتوگۆوە ئەوا لە حکومەتی خۆجێی دا نوێنەرانی هەمەوەندەکان لەخۆبگرێت.

خاڵی دووەمیش ئەوەیە: ژمارەیەکی زۆر لەسەربازانی سوپای ٦ ی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ویلایەتەکانی بەغدا و موسڵی

عوسمانیدا چوونە ریـزی هەمەوەندەکانەوە، کە پێدەچێت بێزاربووبن لە بارودۆخی خراپ و نەبوونی موچەی پێویست لەریزی خودی سوپاکەیاندا. بۆیە سەرەڕای ئەوەی کە بانگەشەکانی حکومەت بە زەقی وایان نیشانی خەڵک دەدا کە ناکۆکیەکە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و کۆمەڵگەیەکی عەشایەری دواکەوتووی ناوچەکە دایە، بەڵام راستیەکان لە سەر ئەرزی واقیع زۆر ئاڵۆزتر و دژوارتر بوون.

## ئەنجامگیری

بەمەرکەزیکردن و مۆدێرنکردنی ناوچەسنووریە شاخاوییەکان لە ویلایەتی موسڵ لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە دا، کە لەسەر خەرجی دەوڵـەت بەڕێوە دەچوو لە درێژمەودادا بووە هۆی باڵکشانی دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر ئەو ناوچانەدا کە پێشتر ئۆتۆنۆمیان هەبوو. هەرچۆنێک بێت، لە پرۆسەی بە مۆدێرنکردنی ناوچەسنووریەکاندا دەرفەت هاتە پێشەوە بۆ لایەنە ناوچەییەکان تا هەژموونی خۆیان پیادەبکەن و دانوستان بکەن تا پرۆسەی بە مۆدێرنکردن بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن.

بەدەستهێنانی زانـیـاری زیاتر سـەبـارەت بە کاریگەریە ناوچەییەکانی ئەو سەردەمە لەوانەیە سەخت بێت. چونکە زۆربەی عەشیرەتەکانی ناوچەکە لەبارەی مێژووی خۆیان هیچ تۆمارێکی نووسراویان لە دوای خۆیان بەجێ نەهێشتووە. سەرەڕای ئەمەش، ئەو مۆرکانەی کە هەمەوەندەکان لە ئەرشیڤی عوسمانی و فەرەنسی بەجێیان هێشتووە ئەوا دەیسەلمێنێنن کە لایەنە ناوچەییەکان سوودیان لەو گۆڕانکارییە سروشتییە وەردەگرت کە بەسەر ناوچە سنووریەکاندا دەهات ئەمەش بۆ ئەوەی بەردەوام ووردتر دەستنیشانی دۆخەکە بکەن لە دواساڵەکانی سەدەی نۆزدەدا.

بەهەرحاڵ، سەرکەوتنی هەمەوەندەکان لە بەرگریکردنیان دژی هەوڵەکانی بەمەرکەزیکردنی عوسمانی، گرێدراو بوو بە چەند هۆکارێکی دیکەشەوە کە لەم ئارگیومێنتەی من لێرە جێگەی نابێتەوە.

یەکەم: هەمەوەندەکان بە چەندین رایەڵەی بازرگانیی و ئاینیی بەباشی گرێدراوبوون کە بەرەو مەڵبەندە ناوچەییەکانی ویلایەتی موسڵ و بەغدا درێژ دەبوونەوە و، هەروەها بەرەو ئەستەنبۆلیش.

دووەم: سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پەرۆشی ئەوە بوو کە دانیشتووانە کۆچەرەکان یەکبخات، بەتایبەتی عەشیرەتە کوردەکان و عەرەبەکان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتدا، لەکاتێکدا پشتیوانی دانیشتووانە غەیرە موسوڵمانەکانی لەدەست دابوو و هەرێمگەلێکی گەورەی مەسیحیەکانی بەڵقان لەژێر کۆنترۆڵی ئیمپراتۆریەتدا نەمابوون. هەڵوێستە ئەرێنییەکانی سوڵتان سەبارەت بە عەشیرەتەکان رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر هەوڵەکانی بۆ بە دامەزراوەکردنی ناوەند و فێرگەیەکی عەشایەریی لە ئەستەنبۆل تا هێزە عەشایەرەکان رێکبخات کە پێیدەووترا حەمیدیە. [١٤] هەمەوەندەکان لە هەردوو کۆنتاکتەکەدا سوودیان وەرگرت چ لە پایتەخت و چ لە هەوڵە گشتیەکاندا بۆ یەکخستن، نەک بەلاوەنانی دانیشتووانە عەشایەرە موسوڵمانەکان.

14 Eugene Rogan , «Aşiret Mektebi : Abdulhamid II ´s School for Tribes (18921907-),» International Journal of Maiddle East Studies 28(1996), pp. 83-107, and the Hamidiyye Janet Klain, The Margins of Empire. Kurdish Militia in the Ottoman Tribal Zone (Stanford, CA: Stanford Univ. Press, 2011).

## تێبینیەکانی وەرگێر

١- ئەگەر بەراووردی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و ناوچەکە بکەین لەگەڵ دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەدا، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە هەندێک لەو هۆکارانەی کە سیمای ئەوکاتی ناوچەکەیان دەکێشا نەگۆڕاون، بۆ نموونە لە رۆژگاری ئەمڕۆشماندا ئەو ناکۆکیە نەریتیە هەرماوە کە لە نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانیدا هەبوو کە خۆی لە ناکۆکیی و شەڕی مەزهەبی دەبینێتەوە، ئەگەرچی هەریەک لەم دوو وڵاتە بەرەوتێکی جیاوازی مێژوویدا تێپەڕیوون کە تاڕادەیەک لە یەکتر جیاوازن و سنووری ئەمڕۆی تورکیا کە میراتگری دەوڵەتی عوسمانیە دەمێکە بچوکتر بۆتەوە. هەروەها کورد وەکو هێزێکی کاریگەر وەکوو ئەوکات ئامادەیی هەیە و بەهەمان شێوەی جاران لەلایەن ئێران و تورکیاوە هەوڵی راکێشانیان دەدرێت.

هۆکارێکی گرینگی دیکە کە رۆڵی گرینگی دەگێڕا لە دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەدا ئەویش ململانێی زلهێزەکان بوو بۆ دەستبەسراگرتنی شوێنە ستراتیجیەکان کە لەرووی جیۆپۆلەتیکەوە گرنگی جیهانییان هەیە، وەکوو بەندەرەکان و و ڕێڕەوە ئاویەکانی جیهان، هەروەها ئەوسا و ئێستاش هۆکاری ئابووری ئامادەیی هەیە لە ناکۆکیە بەتینەکانی زلهێزەکان لەم ناوچەیەدا.

٢- هەندێک لە هۆکارەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە: سەرهەڵدانی زلهێزی نوێ لە جیهاندا لەبەرامبەر پوکانەوەی چەند زلهێزێکی ئەوکاتی جیهان کە حیسابی زۆریان بۆدەکرا کە ئەوانیش ئەڵمانیا و نەمسا و ئیتالیا بوون، هەروەها پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لە هەموو بوارێکەوە، لەوانەش بواری سەربازی

تەرازووی هێزەکانی بەشێوەیەک گۆڕێوە کە مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکە هاوکێشەی ئاڵۆزتری بەدیهێناوە.

٣- بەداخەوە هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئـاوا بۆ کێشەی کورد وەکوو جاران نەرێنیە. لەم باسەدا دەبینین کە چۆن خەبات و جووڵانەوەی عەشیرەتی هەمەوەند لەلایەن ئەو وڵاتانەوە هەرگیز وەک شۆڕش لەقەڵەم نەدراوە، بەڵکوو هەوڵدراوە کە شۆڕشگێرانی هەمەوەند بەتایبەت و گەلی کوردیش بەگشتی وەک خەڵکانێکی یاخی و ڕێگر بناسێنن، کە گوایە هاندەری ئەوان تەنیا تاڵانیی و راو ورووت بووە، لەکاتێکدا گەلی کورد ئەوکات چەندین شۆڕشی کردووە بۆ بەدەست هێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی خۆی.

هەر لە دەوروبــەری ئەو ساڵانەدا بوو کە شۆڕشی شێخ عوبەیدووڵای نەهری و جوامێر ئاغای هەمەوەند ڕووبەرێکی گەورەی کوردستانیان تەنیبوو. ئەمڕۆش بەهەمان شێوە دەبینین کە چۆن زلهێزەکانی جیهان ناوی چەندین حیزبی گەورەی کوردیان بەناحەق خستۆتە لیستی تیرۆرەوە هەر لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە بیگرە تا دەگاتە پارتی کرێکارانی کوردستان و حیزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان. واتە ئەگەر ئەوکات شۆڕشگێڕانی کوردیان بە رێگر و ڕاورووتچی تاوانبار دەکرد، ئەوا ئەمڕۆش بە تیرۆر تاوانباریان دەکەن.

٤- لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە زلهێزەکانی جیهان زۆر بەپەرۆشەوە هەوڵیان داوە کە هێڵەسنووریەکان لە نێوان دەوڵەتی ئێران و عوسمانی بچەسپێنن، کە تەنانەت چەندین جار پسپۆڕانی کۆمسیۆنی نێودەوڵەتیان ناردووە بۆ ئەوەی دابەشکردنی کوردستان رەگی قوڵ دابکوتێت و، گەلی کورد نەتوانێت بە ئاسانی کۆتی سنوور بشکێنێت و یەکپارچەیی کوردستان بەدیبهێنێت.